کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:24 3-9-2007

**ڕوونکردنەوەیەک لەناوەندەکانی (موصل و باشیک و شەنگال و سۆران و شەقلاوە) ی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان**

وەك هەموو لایەك ئاگادارن ماوەیەكە سەركردایەتی پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان لەهەوڵی ئەوەدان سەنگەری تێكۆشانی ئەو پارتە بگوازنەوە بۆ نێو ریزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و لەوێوە درێژە بەتێكۆشانی حزبایەتی بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش دوای چەند دانیشتنێك لەلایەن هەردوولا ئەو كارە راگەیەندراو لەلایەن سەركردایەتی پارتی كاریشەوە هەوڵی جدی درا بۆ پەلەكردن لەراگەیاندنی ئەو رێكەوتنەو دواتریش لەرۆژنامەی رزگاری كە زمان حاڵی پارتمان بوو هەواڵی ئەوە راگەیەندرا كە ئیدی رۆژنامەكە وەك ئۆرگانی پارتمان دەرناچێت و سەرنووسەری پێشووی ئەو رۆژنامەیەش بێشەرمانە لەسەر وتاری رۆژنامەكەدالەژمارە (189) ئاماژەی پێداوەو رۆژنامەكەی بەبەشێك لە ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان وەسف كردووەو سكرتێری پێشووی پارتیشمان سەرەرای پاشگەز بوونەوەی لەبریارەكەی لەلایەن دەستەی كاتی سەركردایەتییەوە دەركراوەو هیچ پەیوەندییەكی بەپارتی كارەوە نەماوە.

خەڵكی تێنووی ئازادی و دیموكراتی لەكوردستان

ئێمە لەناوەندەكانی (موێڵ – باشیك – شەنگاڵ – سۆران - شەقلاوە) دوای چەند كۆبوونەوەیەكی فراوان لەگەڵ ئەندامان و كادیران و لایەنگرانمان لەسنووری سەر بە پارێزگاكانمان گەیشتینە ئەو راستییەی كە سەركردایەتی پێشووی پارتی كار حزبەكەمانی بەپارە گۆریوەتەوەو ئەوەی ئەوان كردوویانە بەهیچ شێوەیەك نە لەبەر ژەوەندی خەڵكی كوردستانەو، پرۆسەی ئازادی بیروراو دیموكراتیەت و مافی دەربرین لەكوردستان شەلەل دەكات و رێگا بۆ كەسانی تریش خۆشدەكات وەك سەركردایەتی پێشووی پارتی كار بازرگانی بەدەسكەوتەكانی راپەرین و خوێنی شەهیدانی كوردستانەوە بكەن.

بۆیە ئێمە بەنەفەسێكی دیموكراسیانەو بروابوونی خۆمان و ئەندامان و كادیرانمان بە بیری سەربەخۆخوازی لەپێناو دروستكردنی نیشتمانێكی سەربەخۆو كۆمەڵگایەكی دیموكرات و مەدەنی لێرەوە رای دەگەیەنین كە ئێمە بەهیچ شێوەیەك بەرپرس نینە لەو كارە چەپەڵانەی رۆستەم حەللاق و هەندێك لەدارو دەستەكەی كردوویانە بەناوی پارتی كارەوە، بەڵكو كادیران و ئەندامانی پارتی كار گۆشكراوی بیری سەربەخۆخوازین و هەرگیز بە فرۆشتنی پارتەكەیان رازی نابن.

هەروەها بەرای گشتی جیهان و كوردستان ی رادەگەیەنین كە پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان وەك چۆن هەمیشە پێشەنگی دیموكراتی و دەربرینی رای ئازاد بوە لەكوردستان لەمەو دواش بەو نەفەسەوە كاردەكات و لەجاران زیاتر خەمخۆری كێشە نیشتمانی و نەتەوەییەكانی گەلەكەمان دەبێت.

سەربەخۆیی بۆ كوردستان، بژی ئازادی رادەربرین

ناوەندەكانی رێكخستنی
پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان
2007/8/25

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.